خۆپیشاندان لە شارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دژ بە هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر کۆبانێ بەڕێوەچوو

دژ بە هێرشەکانی تورکیاو میلیشیاکانی لە سووریا بۆ سەر بەنداوی تشرین و کۆبانێ و دەوروبەری، کە هێرشەکانی سەر بەنداوەکە زیاتر دەبێت و لەو چوارچێوەیەدا لە چەندین شاری ئیدارەی خۆسەری ڕۆژئاوای کوردستان و باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا هەزاران هاوڵاتی لە گۆڕەپانەکانەوە و بە خوێندنەوەی ڕاگەیاندراو دژی هێرشەکان وەستانەوە.

عەین عیسا کە یەکێکە لەو شارەکەی ئەمڕۆ پێنجشەممە خۆپشاندان و ناڕەزایەتی بەرفراوانی تێدا بەڕێوەچوو،

ئەنجومەنی شاری عەین عیسا بە بەشداری دەیان ئەندامانی دامەزراوە، ئەنجومەن و نوێنەرانی پارت و ڕێکخراوەکان ڕاگەیاندراوێکی خوێندەوە، ڕاگەیاندراوەکە لەلایەن ئەندامی ئەنجومەنی عەین عیسا، سەبری نەبەوە خوێندرایەوە و تێیدا هێرشەکانی سەر خەڵک وەک تاوانی جەنگ لەکدرایەوە و بە توندی هێرشەکانی تورکیا شەرمەزار کرد و پشتیوان بە شەڕڤانانی هەسەدە دووپاتکرایەوە.

هاوشان لەگەڵ خۆپشاندەرانی عەین عیسا، خۆپشاندان هەروەها لە شارەکانی دەرک و تەل کۆچەر، گرگی لەگێ و چەند شار و شارۆچکەیەکی تری ڕۆژئاوای کوردستان بەڕێوەچوو.